# پــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3102)] **ساڵی** 2018

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: -( پاککردنەوەی نەخۆشخانەی سوتاوی ونەشتەرگەری جوانکاری لە سلێمانی

**پــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر ( 100,000 ) سەد هەزار دیناری عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

1- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ( 2018/5/ 8 ) دەست پیٚ دەکات تا رۆژی ( 2018/5/21 ) لەکاتژمێر ( 9 ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( 12:00 )ی نیوەرۆ .

2- رۆژانی گەراندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( 24 / 5/ 2018 ) کاتژمێر ( 10:00 ) ی پێش نیوەرۆ دەبێت .

3- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی ( 24 / 5 /2018 ) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

4-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( 365 ) سێ سەدوشەست و پێنج رۆژ ( رۆژمێری ) .

5- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

6- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەراندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەراندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

7- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر ئیمەیل ( email ) ی تایبەتی بەخۆی پێشکەش بکات

8- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( 2 ) ی ساڵی ( 2016 ) بێت.

9- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە و پاڵپشت بەمادەی ( 37 ) برگەی ( 2 ) لە رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( 2 ) ی ساڵی ( 2016 ).

10- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب .گشتی تەندروستی سلیمانی بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

1- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆیانەی بەشداری دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندی کۆمپانیایان هەبێت و تایبە تمەندبن لەبواری خزمەتگوزاری پاککردنەوە .

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

3- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

4- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی2018.

5- پشتگیری بەرێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی 2018.

6- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

7- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

8- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

9- **پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ**

10- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( 90 ) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەراندنەوەی تەندەر.

11- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و رەت دەکرێتەوە.

12- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

**د. هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**پارێزگاری سلێمانی**

2018/5/٦

وێنەیەك بۆ

- بەرێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب. **گشتی تەندروستی سلیمانی** / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری// بودجەی بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبە تمەند بەکاری بلاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- ب.تەکنەلۆجیای زانیاری.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.Sulgov.com بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( 0533193973 ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | رەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | رەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |